# لە ساڵوەگەڕی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول..

## ڕۆڵی ئافرەتان لە دروستکردنی مێژوو، پاڵپشتیکردنی شۆڕش و پێگەیاندنی ڕۆڵەی قارەماندا بەرز دەنرخێندرێ

**ڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ ئەو ساتەوەختەیە کە لەسەر دەستی بارزانیی نەمر چەخماخەی شۆڕشێك هەڵگیرسا، کە سەرەڕای ئەوەی پێناسەیەکی نوێی بۆ هزری نەتەوەیی و مافەکانی گەلی کورد خستەڕوو، هاوکات جوگرافیای کوردستانی وەك نیشتمانی پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان بەرجەستەکرد. بێگومان ئافرەتانی کوردستان بڵێسەی ئاگری شۆڕش بەرخۆدان و هەوێنی سەرکەوتنەکانی هەموو شۆڕشەکان و خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد بوون، بەتایبەتی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە کوردی لە توانەوە پاراست و بڕوایەکی نوێی پێ بەخشییەوە، ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریان بینیوە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر ئەو ڕۆڵە درەوشاوەیەی ئافرەتی کورد لەو شۆڕشە مەزنەدا تاوتوێ دەکەن.**



گوڵان: کۆمەڵایەتی

«لە ساڵی ١٩٦١ تاوەکو راپەڕین، واتا لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان شان بە شانی هاوسەرەکەم لە شاخ و لە ئاوارەییدا خزمەتی پێشمەرگەم کردووە. ئێمە لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕش لەگەڵ ماڵی مەلا مستەفا بارزانی چووینە چیای شیرین، جارێکی دی هاتینەوە چووینە مێرگەسوور و دواتر دیسان چووینەوە شاخ، هیشتا شۆڕش تێکنەچووبوو، چووینە ئێران، ئەوکات چوار منداڵم هەبوو، لە بن خەیمە لە شنۆ ماینەوە، دواتر گەڕاینەوە عێراق و پاش دوو مانگی شۆڕش ئاڵۆز بوو، جارێکی دی ئاوارەی ئێران بووینەوە، هەتا ساڵی ١٩٩١ لە ئێران ماینەوە، ناخۆشی و نەهامەتی زۆرمان بینی، بەڵام هەمیشە دڵمان بەوە خۆش بوو کە بەرهەمی ماندووبوون و دەربەدەریمان سەروەریی و سەربەخۆیی کوردستان دەبێت.»

ئەوە قسەی زەهرا فەتحوڵا بارزانی بوو. ئەو دایکە نیشتمانپەروەرە کە تەمەنی لە ٦٥ ساڵ تێپەڕیوە، بە سەرفرازییەکی زۆرەوە باسی رۆژانی نەهات و نەهامەتییەکانی رابردوو دەکات و دەڵێت: «هەتا لە شاخ بووین، لە ئەشکەوت دەژیاین، ئێمەی ئافرەتان هاریکاری باوک و براو هاوسەر بووین، هەمیشە خزمەتی پێشمەرگەمان کردووە، خواردنمان بۆ پێشمەرگە کردووەو جلکمان بۆ شووشتوون، هەتا لە ئاوارەیی و غەریبیش بووین، ژیانی زۆر ناخۆشمان بەڕێ کردووە، رۆژانی سەختمان زۆر بینیوە. لە کاتی راپەڕین کە لە ئێران گەڕاینەوە، نەخۆشخانەی ئاکرێ جێگەی پێشمەرگەی بریندارى نەمابوو، لە ماڵەکەی خۆماندا پیشمەرگە بریندارەکان چارەسەر دەکران، تاوەکو چاک دەبوونەوە، ئێستاش سەربەرزین بەو رابردووەو شانازی پێوە دەکەین.»

د. چنار سەعد، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، رایوایە: «رۆڵی ئافرەت لە خەبات و شۆڕشی رزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا، نەک هەر لە رۆڵی پیاوان کەمتر نەبووە، بەڵکو بەشێکی زۆری بارگرانیی شۆڕشەکان کەوتۆتە ئەستۆی ئافرەتانی کوردستان. لەبەر ئەوەی زۆر لەو پیاوە ئازا و خەباتکارو شۆڕشگێڕانەی کاتێك دەبوون بە پێشمەرگە و چەکی خەباتیان دەکردە شان و دەچوونە شاخ، ژن و منداڵەکانیان دەسپاردە دەستی چارەنووسێکی نادیار. بۆیە ئەرکی قورسی پەروەردەکردنی منداڵ و تەنانەت لە زۆربەی

**لە کاتی راپەڕین کە لە ئێران گەڕاینەوە، نەخۆشخانەی ئاکرێ جێگەی پێشمەرگەی بریندارى نەمابوو، لە ماڵەکەی خۆماندا پیشمەرگە بریندارەکان چارەسەر دەکران، تاوەکو چاک دەبوونەوە، ئێستاش سەربەرزین بەو رابردووەو شانازی پێوە دەکەین**

**ناخۆشی و نەهامەتی زۆرمان بینی، بەڵام هەمیشە دڵمان بەوە خۆش بوو کە بەرهەمی ماندووبوون و دەربەدەریمان سەروەریی و سەربەخۆیی کوردستان دەبێت**

**پێگەیاندنی چەندین سەرکردە و کارکردنیان لە ناوەندەکانی بڕیارداندا، بەتەنیا بەرهەمی فەزای سیاسیی ئەمڕۆ نییە و لە دەستکەوتە بەردەوامەکانی شۆڕشی ئەیلوولە و بەردەوامیش دەبێت**



**بەشداریی سیاسیی ئافرەتان لە ئێستادا تەواوکاری هەمان ئەو بەشدارییەیە کە لە سەدەی پێشوودا وەک خەباتی رزگاریخوازی ئەنجام دراوە، بەڵام بە فۆرم و مۆدیلێکی نوێ**

**لە ساڵی ١٩٦١ تاوەکو راپەڕین، واتا لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان شان بە شانی هاوسەرەکەم لە شاخ و لە ئاوارەییدا خزمەتی پێشمەرگەم کردووە**

**حزووری ئافرەتان لە شۆڕشی ئەیلوولدا سیمبولی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی دەردەخات و بۆتە هێمایەک بۆ بەرخۆدان و هەتا ئەم چرکەساتەش دانەبڕاوە لە کایە و جووڵەی سیاسیی کوردستان**

کاتدا دابینکردنی ژیانی ئەو خێزانانەش هەر لە ئەستۆی ئافرەتەکان دەمایەوە.» هاوکات دەڵێت: «بە هۆی ئەوەی شۆڕش سەرچاوەی دارایی پێویست و جێگری نەبوو، بۆیە ئافرەتان بە کارکردنیان هاوکاری دارایی شۆڕشیشیان دەکرد. ئەمە وێڕای رۆڵی راستەوخۆی ئافرەتی کوردستان لە کاروباری رێکخستنەکانی نهێنی و کاری نێو رێکخراوە جەماوەرییەکان و پاڵپشتیی ریزەکانی دواوەی بەرگری هێزەکانی پێشمەرگە. لەو رێگایەدا بە سەدان ئافرەت تووشی گرتن و راوەدوونان و زیندانی بوون و شەهید کران. ئافرەتانی کوردستان ئەگەر ئەندامێکی خێزانەکانیشیان پێشمەرگە نەبووبن، ئەوا لە زۆربەی گوندو ناوچەکانی کوردستان کە لانکەی شۆڕش بووە، هەمیشە دەرگای ماڵەکانیان بە رووی پێشمەرگە کراوە بووەو بەردەوام خزمەتی شۆڕشیان کردووەو خۆیان بە خانەوادەی دووەمی پێشمەرگە زانیوە.»

نووسەر و رۆژنامەنووس تامان شاکر، وتەکانی بەوە دەست پێ دەکات: «ژنی کورد واتە کوردستان، واتە گەلی کوردستان، واتە ژیان و مانەوە، واتە پاراستنی کولتوور و زمان..» دواتر هێما بۆ ئەوە دەکات کە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول هەر لە دەستپێکەوە تا ساڵی ١٩٧٠ی سەدەی رابردوو بە ژانی لەدایکبوونی شۆڕشی سەربەخۆیی دادەنرێت، بووە هۆی زۆر گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، نەك تەنیا لە باشووری کوردستان، بەڵکو لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا و باکووری کوردستانیش، کورد خۆی بە خاوەنی ئەو شۆڕشە دەزانێ. ئەو کاتە گەلی کوردستان یەکڕەنگ و یەکدەنگ بوون و هەستی نەتەوایەتی و کوردبوون هەمووانی لەژێر چەتری ئەم شۆڕشە کۆکردبۆوە، ژنانی کوردستانیش وەك پیاوان هاوبەشی ئەو شۆڕشە بوون و رۆڵی کارایان تیایدا هەبووە، زۆر لە دایکانی کورد لە پێناوی سەربەخۆیی خەباتیان کردووە و قوربانیی گەورەیان داوە، بەڵام نەیانزانیوە رۆژگارە سەختەکانی خەباتی خۆیان بنووسنەوە، بۆیە بە مەرگی ئەوان نەمانتوانی بە چیرۆکی قارەمانیەتی دایکانی کوردستان ئاشنا بین، بەشداریی ژنی کورد لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشەکانی دیکە بە هۆی چەوسانەوە و ئەو هەموو زوڵم زۆردارییە بووە، کە یەخەی ژنانی کوردستانی گرتبوو، ئەگەر پیاوی کورد یەکجار هەستی بە چەوسانەوە کردبێ، ئەوە ژنانی کورد دووجار هەستیان بە چەوسانەوە کردووە، لەبەر ئەوەی کوردبوون سەختە، ژنبوون و کوردبوونیش بە یەکەوە زۆر سەختترە.» گوتیشی: «بەداخەوە ئەوانەی مێژووی شۆڕشی ئەیلوولیان نووسیوەتەوە، تەنیا باسی رۆڵی پێشمەرگەیان کردووە لەم شۆڕشەدا، باسی خەباتی ژنانی شاریان نەکردووە، کە هاوشانی پیاوەکانیان لە ناوشار کاری سیاسییان کردووە، باسی خەباتی ژنانی لادێکانی کوردستانیان نەکردووە، کە بە ئەرك و ماندووبونی ئەوان پێشمەرگە دەحەوانەوە.» تامان شاکر جەخت لەوەش دەکاتەوە کە «بەشداریی ژنانی کورد لە شۆڕشەکانی کوردستان بۆ بەدیهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی بووە، بۆ بنیادنانی کوردستانێك بووە کە کەرامەتی مرۆڤەکانی تێدا پارێزراو بێت و ئایندەیەکی گەش بۆ نەوەکانی داهاتوو دابین بکەن. لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانیش ژنانی کوردستان بەشدارییەکی بەرچاویان هەبوو لەسەر خستنی پرۆسەکە، لە راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١یش ئەوە ((خەجە باوە)) بوو پەیکەرەکەی سەدامی شکاند و ژیانی خۆی کردە قوربانی بۆ ئازادی.» وەك دواقسەشی گوتی: «ئەرکی حکومەتی کوردستانە هەر بە نەفەسی شۆڕشی ئەیلوول و لە پێناو ئازادکردنی تاکی کورد بایەخ بە رۆڵی ژن بدات، بەشدارییەکی کارایان پێ بکات لە گشت بوارەکاندا، چونکە ئازادیی ژنی کورد پەیوەستە بە ئازادیی تاکی کورد و ئازادیی کوردستانەوە.»

ناسك سەعید، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە میدیاو کەلتوور- و جگە لەوەی نووسەر و توێژەرە، کارگێڕی راگەیاندنی دەستەی هەڵمەتی پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان بووە، سەبارەت بە رۆڵی ئافرەتان و کاریگەرییان لە سەر شۆڕشەکانی کورد دەڵێت: «قۆناغەکانی خەباتی سیاسیی هەر میللەت و نەتەوەیەك، بەندە بە بەشداری و ئامادەیی بەرچاوی هاوفکر و هاونیشتمانەکانی، تێپەڕاندنی کاتە سەختەکان، پێویستی بە میکانیزم و پلانی دارێژدراو هەیە. بۆ کورد، ئەم قۆناغانە پێویستی بە شۆڕش و بەرخۆدان هەبوە، بە هەردوو رەگەز هەوڵی سەرکەوتنی شۆڕشەکانیان داوە، بەتایبەت ئافرەت پاڵپشت و پاڵنەری سەرەکی بووە بۆ سەرخستن و بەردەوامیدان بە شۆڕشەکان. شۆڕشی ئەیلوول یەکێکە لەو شۆڕشانەی کە ئافرەت رۆڵی دیاری تێدا بینیوە و توانیویەتی لە رێی توانا جەستەیی و





**ئافرەتانی چالاکی سیاسی کاریان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل کرد و کەسێکی وەک گۆلدا مایەر، رۆڵی سەرەکی لەو پرسەدا هەبوو**

**شۆرشی ئەیلوول یەکێکە لەو شۆرشانەی کە ئافرەت رۆڵی دیاری تێدا بینیوە و توانیویەتی لە رێی توانا جەستەیی و عەقڵییەکانی خۆیەوە بەشداربوویەکی سەرەکیی ئەو شۆرشە بێت**

**لە راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١یش ئەوە ((خەجە باوە)) بوو پەیکەرەکەی سەدامی شکاند و ژیانی خۆی کردە قوربانی بۆ ئازادی**

عەقڵییەکانی خۆیەوە بەشداربوویەکی سەرەکیی ئەو شۆڕشە بێت، بەدەر لەوە پاڵپشتی هاوسەر و باوك و براکانی بووە لە رووی هاندان و کارئاسانیکردن بۆ بەردەوامبوون لەخەباتی سیاسیدا.» گوتیشی: «بەشداریی ئافرەتان لە شۆڕشەکاندا هاوکات بووە لەگەڵ بەشداریی ئافرەتانی جیهان لە فەزای سیاسیدا، لێرەدا خەباتی ئافرەتانی کوردستان جیاوازترە، بەو مانایەی وەك رەگەزی بەرامبەر بەشدارییان لەچالاکی و جووڵەی سیاسی کردووە و کارەکتەرێکی بەرچاوی ناو شۆڕش بوون، یەکێك لەو ئافرەتە بوێر و پێشمەرگانە مارگریتا بووە، یاخود چالاکێکی سیاسی وەك لەیلا قاسم کە لەسەر ئاستی ناوچەکە یەکەم ئافرەت بووە کە بەجەستە و رۆحی خۆی قوربانی داوە بۆ رزگاربوونی میللەتەکەی و پەتی سێدارە کرایە گەردنی. هەروەك چۆن ئافرەتانی چالاکی سیاسی کاریان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل کرد و کەسێکی وەك گۆلدا مایەر، رۆڵی سەرەکی لەو پرسەدا هەبوو، بەڵام بۆ ئافرەتانی کوردستان پرسەکە فراوانتر بووە، لەسەرجەم سێکتەرەکان کارایانە کاری خۆیان کردووە، هەر ئەمەش بۆتە رەمزی گیانفیدایی ئافرەتان لە پێناو پاراستن و رزگارکردنی خاك لە دەستی رژێم، ئەمەش دەبێت وێنایەکی باشی لەسەر ماندووبوون و حزووری ئافرەتان هەبێت. ئافرەت وەك کاراکتەرێکی سەرەکیی خێزان توانیویەتی لەدوای لەدەستدانی هاوسەرەکەی لە رووی دەستەبەرکردنی سەرچاوەیەك بۆ بژیوی ژیانی خیزانەکەی کەرامەتی خانەوادەی رابگرێت، یان لەکاتی بەشداریکردنی هاوسەرەکەی لە هەر چالاکییەکی سیاسیدا توانیویەتی بە شێوازیکی سەرکەوتووانە و بە راگرتنی کاروباری خێزانەکەی لە کۆی پرسە جیاوازەکان رۆڵی هەبێت، ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیڤە بۆ توانای ئافرەتان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە.

بوون و حزووری ئافرەتان لە شۆڕشی ئەیلوولدا سیمبولی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی دەردەخات و بۆتە هێمایەك بۆ بەرخۆدان و هەتا ئەم چرکەساتەش دانەبڕاوە لە کایە و جووڵەی سیاسیی کوردستان. بەشداریی سیاسیی ئافرەتان لە ئێستادا تەواوکاری هەمان ئەو بەشدارییەیە کە لە سەدەی پێشوودا وەك خەباتی رزگاریخوازی ئەنجام دراوە، بەڵام بە فۆرم و مۆدێلێکی نوێ، پێگەیاندنی چەندین سەرکردە و کارکردنیان لە ناوەندەکانی بڕیارداندا، بەتەنیا بەرهەمی فەزای سیاسیی ئەمڕۆ نییە و لە دەستکەوتە بەردەوامەکانی شۆڕشی ئەیلوولە و بەردەوامیش دەبێت.



# دوو ئەويندار پاش ٣٥ ساڵ به يەكتر شاد دەبنەوه

**زۆر جار باسی كێشه و ئاریشەی هاوسەران و چۆنیەتی و هۆكارەكانی جیابوونەوەیان كراوه، بەڵام به دەگمەن باسی بەسەرهاتی تەژی له ئەوینداری و سەركەوتن و بەجێگەیاندنی بەڵێنی ئەویندارن كراوه. دوو عاشقی كورد ماڵە خنجیلانەكەیان پڕكردووه له ئەوینداری و سۆز و خۆشەویستییەك كه تەنیا له چیرۆكەكاندا باس كراون، ماڵەكەیان لێوانلێو كردووه له ڕێز و خۆشەویستی بۆ یەكتر و زۆربەی كاتەكانیان پێكەوه به ئازارەكانی رابردوویان پێدەكەنن و به ئومێدەوه له داهاتوویان دەڕوانن. لەم بەدواداچوونەی (گۆڤاری گوڵان)دا ئەو دوو ئەویندارە پەردە لەسەر چیرۆكی دڵداری و كۆسپەكانی بەردەمیان لادەدەن.**

گوڵان: كۆمەڵایەتی

پیاوێکی باڵابەرزی بەتەمەن و دڵ پڕ لە ئومێدە. هێشتا یەکەم جێژوانی خۆی لەگەڵ خۆشەویستەکەی لە بیر ماوە و ئەوەش بە خۆشترین بیرەوەری خۆی دەزانێت.

محەمەد ئەحمەد، تەمەنی ٦١ ساڵە و مروەت عەباس هێشتا ٥٠ ساڵ لە تەمەنی پڕ نەکردووەتەوە، هەر لەو تەمەنەشدا بە فەرمی هاوسەرگیرییان کردووە و هەر دووکیان زۆر دڵخۆشن بەوەی کە دوای تەمەنێك دووری بە ئەوینی خۆیان شاد بوونەتەوە.

ئەو دوو ئەویندارە خەڵکی دوو گوندی دەڤەری پشدەر-ی باشووری کوردستانن، ئێستا لەژێر سەقفی خانوویەکی خنجیلانەدا ماوەی دوو ساڵە ژیانی هاوبەشیان دەست پێ کردووە، کە بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ لە چاوەڕوانی ئەو هاوژینییەدا ئازاریان چەشتووە.

محەمەد بەمجۆرە باسی ئەو ژیانە هاوبەشەی لە هاوسەرەکەی (مروەت) دەکات: «هاوسەرەکەم خزمی خۆمانە و ماڵی باوکی لە گوندی بەستێن بوو. یەکەم جار کە سەردانی ماڵە خزمانیان کرد لە گوندی ئێمە، مروەت تەمەنی هەر ١٥ یان ١٦ ساڵ دەبوو. من ٩ ساڵ لەو گەورەتر بووم. هەر لەو سەردانەیدا دڵم دایێ و خۆشم ویست، لە کاتی گەڕانەوەیدا بەرگەم نەگرت و لە لای درکاندم. ئەو سەرەتا شەرمی کرد وەڵامم بداتەوە، بەڵام کە زانی پڕ بە دڵ خۆشم دەوێ و دەمەوێ ببێت بە هاوسەرم، رازی بوو. داوی ئەوەی باوکی کۆچی دوایی کرد و دوو ساڵی بەسەردا تێپەڕی، ناردمە خوازبێنی مروەت، بەڵام دایکی بە رەحمەت بێ (کە ئێستا ئەویش نەماوە و کۆچی دوایی کردووە)، بە هیچ شێوەیەك رازی نەبوو کچەکەی مێرد بە من بکات، بەڵام ئێمە بەڵێنمان بە یەکتر دابوو، بۆیە هەر چاوەڕوان بووین.»

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا ئەو چاوەڕوانییە چەند ساڵی پێچوو؟ دەڵێت: «دوای ٣٥ ساڵ دووری لە یەکتر و چاوەڕوانی بە یەکتر شاد بووینەوە، لە هەموو ئەو ماوەیەشدا بە تەلەفۆن و دیداری کورت پەیوەندیمان هەبوو.

تەنانەت هەموو ئەو ساڵانەش ماڵی مروەت بە خێزانەوە لە وڵاتی ئێران بوون، پەیوەندی خۆمان نەپساند، ئەو چوار خوشکی لێرە بوون و هەرکات دەهات بۆ سەردانی ئەوان و خزمەکانی دیکەی، یەکترمان دەبینی و دیسان پەیمان و بەڵێنی خۆمان نوێ دەکردەوە.»

سەبارەت بەوەش کە سەرەڕای نارەزایەتیی دایکی مروەت چۆن توانیویانە بە یەکتر بگەن و ژیانی هاوسەرێتی پێکبهێنن، دەڵێت: «هەتا بە رەحمەت بێ، دایکی مروەت مابوو، رێگەی پێ نەداین، بەڵام دوای ئەوەی کۆچی دوایی کرد، وەزعەکە گۆڕا، ئێمەش تەمەنێکمان هەبوو، بۆیە کەس نەیتوانی رێگری لە خۆشەویستیمان بکات و خوای گەورە ئێمەی بە یەکتر شاد کردەوە.»

مروەت بە هەمان شێوە زۆر بە دڵخۆشییەوە سوپاسی خوا دەکات و دەڵێت: «من بەڵێنم بە محەمەد دابوو، بۆیە دەیان خوازبێنیم هات، مێردم نەکرد و ئەویش بە بەڵێنەکەی پابەند بوو، ئەو بەڵێندارییە وایکرد، بە یەك گەیشتین، ئێمە بەڵێنمان بە یەکتر دابوو، کە یا بۆ یەکتر بین، یا بۆ گڵ، بەڵێنەکەشمان بردەسەر، راستە زۆری پێچوو، بەڵام هیچ کارێك لای خوای گەورە سەخت نییە و ئێمەی بەوەفا و خاوەن بەڵێنی بە یەك گەیاند، ئێستاش زۆر دڵخۆشین و ئەگەرچی تەمەنیشمان زۆر بووە، بەڵام هەست بە پیری ناکەین و هەمیشەش سوپاسی خوای گەورە دەکەین.

**«بەڵێنمان دابوو، یا بۆ یەک بین، یا بۆ گڵ، بەڵێنەکەشمان بردەسەر»**

لەو ماڵە خنجیلانەدا کە ئەو دوو ئەویندارە پێکەوە دەژین، هەست بە ئەوینداری و سۆز و خۆشەویستییەك دەکرێت، کە تەنیا لە چیرۆکەکاندا باس کراون، ماڵەکەیان لێوانلێو کردووە لە رێز و خۆشەویستی بۆ یەکتر و زۆربەی کاتەکانیان پێکەوە بە ئازارەکانی رابردوویان پێدەکەنن و بە ئومێدەوە لە داهاتوویان دەڕوانن. ئەوان دەستی یەکتر دەگرن و پێکەوە باخچەی ناو حەوشەی ماڵەکەیان پڕ گوڵ کردووە و جاروبار شاخەگوڵێکی لێ دەکەنەوە و لە بەرۆکی یەکتری دەدەن.

ئەو دوو ئەویندارە، پەیامێکی گەورەیان بۆ ئەو گەنجانە هەیە کە هیچ بڕوایەکیان بە خۆشەویستیی پاك و بێگەرد نییە، لۆمەی ئەوانەش دەکەن کە کەسیك فریو دەدەن و یاری بە کەرامەتی فریوخواردووەکە دەکەن. ئەوان رایانوایە: هەموو کەسێك دەبێت سەرەتا لە مانای ئەوین تێبگات، ئەوکات ئەوینداری بکات، چونکە درۆ و فریودان و بێ وەفایی و بێ بەڵێنی و داوێنپیسی زۆر دوورن لە ئەوینداری و فڕیان بە عەشق و خۆسشەویستییەوە نییە.